# میتۆنیمی چەمکی: دەرکەوتن و بەرجەستەبوونی لە کەرەستەی زمانی کوردیدا

**پ.د.هۆشەنگ فارووق جەواد**
ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی- هەولێر
مامۆستای زمانناسی لە زانکۆی سلێمانی
hoshang.jawad@univsul.edu.iq

**پوختە**

ئەم باسەی بەردەستت لە میتۆنیم دەکۆڵێتەوە وەکو دیاردەیەکی چەمکی لە چوارچێوەی زمانەوانیی کۆگنیتیڤدا. وەک دەزانرێ، میتۆنیمەکان وەکو شێوازێکی ئاخاوتن بەر لە هەزار ساڵ و بگرە زیاتریش لێیانکۆڵراوەتەوە، بەڵام لەم باسەماندا لەبەر ڕۆشنایی زمانەوانیی کۆگنیتیڤدا تیشکی دەخەینە سەر و چەندین لایەنی گرنگی دەردەخەین لەوانە تایبەتمەندییەکانی، جیاوازی لەگەڵ چەمکە دێرینەکەی سینێکدەکی (کینایە)، جیاوازی لەگەڵ مێتافۆڕ، جۆرەکانی و هەروەها پوختەیەکی وردی تیۆرییەکەی کۆڤێچێش و ڕادن (١٩٩٨) کە لە سەردەمی ئێستادا، بە گرنگترین تیۆری میتۆنیمی دادەنرێت لە چوارچێوەی زمانەوانیی کۆگنیتیڤدا. باسەکە بەسەر حەوت تەوەری سەرەکیدا دابەشکراوە کە بەم جۆرەیە: لەپێشدا سەرەتایەک کە تێیدا ئامانجی باسەکە و پرسیارەکانی باسەکە و ڕێبازی لێکۆڵینەوە و کەرەستەی باسەکە خراوەتە ڕوو. دواتر لە بەشی یەکەمدا، پێناسە و گرنگیی میتۆنیمی خراوەتە ڕوو و بەشی دووهەم و سێهەم تەرخانن بۆ باسکردنی میتۆنیم لە ڕوانگەی قوتابخانەی دێرین و دواتریش زمانەوانیی کۆگنیتیڤەوە. بەشی چوارەم تایبەتە بە جیاوازیی نێوان میتۆنیمی چەمکی و مێتافۆری چەمکی لە چوارچێوەی زمانەوانیی کۆگنیتیڤدا.

هەرچی بەشی پێنجەم و شەشەمن تەرخانکراون بۆ باسکردنی جۆرەکانی میتۆنمی چەمکی و پاشان چەند دیاردەیەکی میتۆنیمیی جیاواز. بەشی حەوتەم، کە گرنگترین بەشی باسەکەیە، پوختەیەکی چڕوپڕی تیۆرییەکەی کۆڤێچێش و ڕادن دەخاتە ڕوو لەبارەی جۆرە جیاوازەکانی میتۆنیمی چەمکی و دەرکەوتن و بەرجەستەبوونیان بە نموونە و کەرەستەی زمانی کوردی. لە کۆتاییشدا ئەنجامەکانمان خستۆتە ڕوو و کورتەیەکی باسەکەمان بەهەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی داناوە.

**وشەی سەرەکی**: میتۆنیم، مێتافۆر، زمانەوانیی کۆگنیتیڤ، تیۆری میتۆنیم، زمانی کوردی.

**٠.١ سەرەتا**

**ا. ئامانجی ئەم باسە**

ئامانجی ئەم باسە پێشکەشکردنی پوختەیەکی تیۆری میتۆنیمی چەمکییە لە روانگەی زمانەوانیی کۆگنیتیڤەوە بۆ کوردزمانان بەتایبەتیش چونکە بابەتی زمانەوانی لە چوارچێوەی ئەم تیۆرە نوێیە زۆر دەگمەنە و بەتایبەتیش لەبارەی میتۆنیمە چەمکەکانەوە. بەم پێیە، باسەکە خوێنەرانی کوردزمان و پسپۆڕانی زمانناسی بەو چەمکە و بەو تیۆرییە ئاشنا دەکات.

**ب. پرسیارەکانی باسەکە**

ئەم باسە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی گرنگ، لەوانە:

١. جیاوازییەکانی نێوان میتۆنیم لەڕوانگەی قوتابخانەی دێرین و زمانەوانیی کۆگنیتیڤ چین؟
٢. جیاوازییەکانی نێوان میتۆنیمی چەمکی و مێتافۆری چەمکی چین؟ تایبەتمەندییەکانی هەریەکەیان چییە؟

٣. میتۆنیمی چەمکی چۆن لە زمانی کوردیدا دەردەکەوێت و بەرجەستە دەبێت؟ جۆرەکانی چین؟

### ج. ڕێبازی لێکۆڵینەوەی باسەکە

ئەو ڕێبازە زانستییەی لەم باسەدا بەکارهاتووە، ڕێبازی وەسفی سینکرۆنیە بەپشتبەستن بە تیۆری میتۆنمی چەمکیی هەردوو زمانەوانی بواری زمانەوانیی کۆگنیتیڤ، کۆڤێچێش و ڕادن.

### د. کەرەستەی باسەکە

کەرەستەی باسەکە بەگشتی بریتییە لە نموونەی زیندووی زمانی کوردی و لەهەندێ شوێنی کەمیشدا ئەو نموونانە دانراونەتەوە کە هەردوو زمانەوان کۆڤێچێش و ڕادن لە تیۆرییەکەیاندا بەکاریان هێناوە.

## ١.١ پێشەکی: پێناسە و گرنگیی میتۆنیمی Metonymy

هەر لە کۆنەوە میتۆنیمی، وەک هەندێ جۆری تری بیرکردنەوەی مەجازی، بە یەکێک لەو شێوازانەی ئاخاوتن ئەژمار کراوە کە کاریگەریی ڕەوانبێژییان هەیە هەروەک لە نوکتە و گاڵتە و گەپ و ئەدەبیات و شیعردا دەیانبینین. لەبنەڕەتیشدا میتۆنیمی فۆرمێکی زمانەوانیی تایبەتە. خۆی و هاوشانەکەی، کە مێتافۆرە، لە هەرە دیارترین و باوترین شێوازەکانی ئاخاوتنن لە زماندا. هاوشانی مێتافۆڕ، میتۆنیمیش فۆرمێکی زمانیی تایبەتە و بەیەکێک لە دیارترین شێوازەکانی ئاخاوتن دادەنرێت.

لە چوارچێوەی زمانەوانیی دێریندا، چەندین زمانەوان و پسپۆڕ لە دیاردەی میتۆنیمیان کۆڵیوەتەوە، لەوانە: شتێرن ١٩٣١، ئوولمان ١٩٥١، ١٩٦٢، واڵدرن ١٩٦٧. بەرلەوەی لە ڕا و بۆچوونی ئەم زمانەوانانە بەگشتی، بکۆڵینەوە، با جارێ بزانین میتۆنیمی واتای چییە و چۆن پێناسە کراوە و دەکرێت.

وشەی میتۆنیمی metonymy لە (میتۆنیمیا mytonymia)ی گریکییەوە هاتووە کە واتا حەرفییەکەی گۆڕینی ناوە. لە خوارەوە هەندێک لە پێناسە دیارەکانی

میتۆنیمی دەخەینە ڕوو کە هەر هەموویان دەچنە چوارچێوەی تێڕوانینی زمانەوانیی دێرینەوە:

- میتۆنیمی شێوازێکی ئاخاوتنە، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ناوێک لەبری ناوێکی دیکەدا بەکاردەهێنێ کە یا هەڵگری خەسڵەتێکی ئەوە، یانیش پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵیدا هەیە (بۆ نموونە **تاج** لەجیاتی هەموو ئەو خاک و قەڵەمڕەوەی سەر بە تاجی پاشایەتیە). (فەرهەنگی نێودەوڵەتی وێبستەر-چاپی ئەلیکترۆنی ٢٠٢٢)
- میتۆنیمی بریتییە لە شێوازێکی ئاخاوتن کە تێیدا ناوی شتێک یان چەمکێک دەگۆڕدرێت بە وشەیەک کە لەوەی بنەڕەتیەکەوە نزیکە یان لە وشە بنەڕەتیەکەوە سەرچاوە دەگرێ. (ئینسایکلۆپیدیای بەریتانی، ١٩٨٥)
- میتۆنیمی کرداری ئاماژەکردنە بە شتێک بەناوی شتێکی دیکەوە کە لێوەی نزیکە، بۆ نموونە، کۆشکی سپی لەباتی سەرۆکی ئەمریکا. (فەرهەنگی فێرخوازی پێشکەوتووی زمانی ئینگلیزی، چاپی ٢٠٢٠)

ئوولمان (١٩٧٩:٢٢٣) لە لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی کرتاندن ellipsis لە زماندا، ئاماژە بە گرنگیی میتۆنیمی دەکات و دەڵێت: " هەر چوار جۆرە سەرەکیەکەی شێوازەکانی ئاخاوتن و نووسین، واتە مێتافۆر و میتۆنیمی و کرتاندن و ئیتیمۆلۆجی، لە مەودا و سنووریاندا زۆر جیاوازن. هەڵبەت مێتافۆر لەهەر چوار دانەکەی دی گرنگترە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە میتۆنیمیش پڕۆسەیەکی یەکجار باوە و بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاردێت". هەروەها دەڵێت:" زمان بەبێ کرتاندن و بەبێ ئیتیمۆلۆجیش هێشتا وەکو هۆکارێکی کاریگەری پەیوەندیکردن دەمێنێتەوە، لەکاتێکدا ناکرێ و ناشێ زمان بەبێ مێتافۆر و میتۆنیمی بوونی هەبێ. ئەم دوو هێزە رۆح و ناواخنی بنیاتی ئاخاوتنی مرۆڤ پێکدەهێنن" .

بەڵام بەپێی کۆڤێچێش و ڕادن (١٩٩٨:٣٨)، ئەم جۆرە تێگەیشتن و پێناسانەی سەرەوە بۆ میتۆنیمی دەربڕی کۆمەڵێک گریمانە و بنەمای بنچینەیی تێڕوانینی دێرینن

بۆ میتۆنیمی. ئەو گریمانە و تێڕوانینانەی زمانەوانیی دێرینیش دەکرێ بەم جۆرەی خوارەوە کورت بکرێنەوە:

١. میتۆنیمی بابەت و کەرەستەی وشەیە (زمانە).
٢. پرۆسەی میتۆنیمی بریتییە لە گوێزانەوەی واتای ئەو وشانەی ئاماژە بە شتێک دەکەن (واتە ناوی شتێک لەجیاتی ناوی شتێکی دیکە بەکاردەهێنرێت).
٣. میتۆنیمی بریتییە لە پەیوەندیی نواندن لەنێوان ناوەکاندا (پەیوەندیی لەبری دانان).
٤. میتۆنیمی پەیوەندیی نێوان دوو بوون یان قەوارەیە؛ ئەو پەیوەندییەش لەسەر بنەمای "لێک نزیکی" و "یەکانگیری"دامەزراوە.
٥. میتۆنیمی مشەخۆرە و لەسەر بەکارهێنانی زمان بەشێوەی حەرفی یان دەقاودەق، دەژی (واتە شێوازێکی ئاخاوتنە).

لە ڕوانگەی ڕەوانبێژییەوە، میتۆنیمی بریتییە لە شتێک کە هۆیەکی گواستنەوە (واتە vehicle ) بەکاردەهێنێ بۆ نواندنی شتێکی دیکە کە بریتییە لە ئامانجەکە (target). بۆ نموونە ئەگەر بڵێین:

- من حەزدەکەم نالی بخوێنمەوە

مەبەستمان خوێندنەوەی خودی کەسەکە نییە بەڵکو بەرهەمەکانیەتی؛ بەو واتایەی کە نالی بەکاردەهێنم وەکو وەسیلەیەک بۆ نواندنی بەرهەمە نووسراوەکانی نالی کە ئامانجەکەیە. کەواتە نالی وەسیلەکەیە و بۆ نواندنی ئامانجێک بەکاردەهێنرێت. وەکو دواتریش بە وردی باسی دەکەین، ئەم نموونەیە بۆ جۆرێکی میتۆنیمی چەمکی بەکاردەهێنرێ کە پێیدەگوترێ: بەرهەمهێنەر بۆ بەرهەم، بەو واتایەی کە ئێمە وەکو قسەکەر ئاماژە بە بەرهەمهێنەرەکە دەکەین، ئەمەش وەکو هۆیەک یان وەسیلەیەک بۆ ناسینەوە و دەستنیشانکردنی بەرهەمەکە، کە لێرەدا شیعرەکانە. لەخوارەوە هەندێک نموونەی دیکەی میتۆنیمی دەخەینە ڕوو:

| | |
|---|---|
| **من حەزدەکەم نالی بخوێنمەوە** | هۆ (وەسیلە) vehicle |
| نووسینەکانی (شیعرەکانی) نالی | ئامانج target |
| بەرهەمهێنەر بۆ بەرهەم (بەرهەمهێنەر بۆ نواندنی بەرهەم) | میتۆنیمی |

| | |
|---|---|
| **هۆڵیوود دەستی بەسەر سینەمای جیهاندا گرتووە** | هۆ (وەسیلە) vehicle |
| سینەمای جیهان (بەرهەمی سینەمایی) | ئامانج target |
| بەرهەم بۆ چالاکی (دەست بەسەرداگرتن) | میتۆنیمی |

| | |
|---|---|
| **بی بی سی هێشتا نەگەیشتۆتە کۆنفرانسە رۆژنامەوانییەکە** | هۆ (وەسیلە) vehicle |
| ڕۆژنامەوانەکەی کەناڵی بی بی سی | ئامانج target |
| دامودەزگا بۆ کەس (دامودەزگا بۆ نواندنی کەس) | میتۆنیمی |

### ٢.١ میتۆنیمی لە روانگەی قوتابخانەی دێرینەوە

ئەگەر لە ئەرستۆوە دەست پێبکەین، دەبینین کە لە کتێبی هونەری شیعرەکەیدا، میتۆنیمی بە چەشنێک یان پۆلێکی مێتافۆر دادەنێت. بەگشتی لای دێرینان، میتۆنیمی بە جۆرێک لە شێوازی ئاخاوتن لە قەڵەم دراوە کە تیایدا وشەیەک بە وشەیەکی دیکەی نزیک لەخۆی یان دراوسێی خۆی. بەم واتا بەرتەسکەشی، میتۆنیمی پتر تایبەتە بە ناوی کەس و ئاژەڵ و ناوی پیشەکان و شوێن و ئەو بابەتانە. ئەمانەی خوارەوە هەندێک نموونەن:

**ناوی کەس:**

- مامە سام Uncle Sam لەبری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا
- جۆن بوڵ John Bull لەبری بەریتانیا
- ئیڤان Ivan لەبری خەڵکی رووسیا
- وڵاتی گاریباڵدی لەبری ئیتاڵیا
- وڵاتی بسمارک لەبری ئەڵمانیا

**ناوی ئاژەڵ:**

- کەڵەشێر لەبری فەرەنسا
- ورچ لەبری سۆڤیەتی جاران یان حکومەتی سۆڤیەتی (هەروەها رووسیای ئەمرۆ)
- کەنگەر لەبری ئوستralیا

**ناوی ئۆرگانەکانی لەش:**

- دڵ لەبری هەست و سۆز و خۆشەویستی
- مێشک لەبری ژیری و زیرەکی
- گوێ لەبری ئاگایی و گوێگرتن

**ناوی شوێن و مەڵبەندەکان:**

- کۆشکی سپی لەبری حکومەتی ئەمریکا یان سەرۆکەکەی
- کرێملین لەبری حکومەتی رووسیا یان سەرۆکەکەی
- پێنتاگۆن لەبری وەزارەتی بەرگری ئەمریکا
- پەکین لەبری حکومەتی چین

**٣.١ میتۆنیمی لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆگنیتیڤەوە**

لە ئەدەبیاتی زمانەوانیی هاوچەرخدا، بەگشتی دوو تێڕوانین بۆ لێکۆڵینەوە لە میتۆنیمی، بەرچاو دەکەون؛ یەکێکیان تێڕوانینی کۆگنیتیڤە Cognitive approachکە پتر بایەخ بە خەسڵەتە چەمکییەکانی میتۆنیمی دەدات، ئەوەی دیکەیان تێڕوانینی زمانییە Linguistic approach کە جەخت لەسەر چۆنیەتی کارکردنی میتۆنیمی دەکاتەوە لەناو زماندا. بەگشتیش ئەم دوو تێڕوانینەش هێندەی تەواوکەری یەکترن هێندە دژی یەکتر نین ئەگەرچی هەندێک ناتەباییش لەنێوانیاندا هەیە. با بە یەکێک لە دیارترین و بەرفراوانترین پێناسەکانی میتۆنیمی چەمکی دەست پێبکەین کە هی کۆڤێچێش (٢٠٠٦، ٩٩)ە:

(میتۆنیمی پرۆسەیەکی کۆگنیتیڤ یا مەعریفییە کە تیایدا یەک ڕەگەز یان بوونی چەمکیی (شتێک بێ یان ڕووداوێک بێ، یان سیما و تایبەتمەندییەک) دەبێتە هۆکارێک/وەسیلەیەک vehicle بۆ کردنەوەی دەروازەیەکی ئاوەزی بۆ بوونێکی چەمکیی دیکە (شت، ڕووداو، سیما یا تایبەتمەندی)، کە ئامانجەکەیە target، لەناو هەمان چوارچێوە یان بوار یان قاڵبی کۆگنیتیڤی نموونەییدا Idealized Cognitive .(Model)

لەم پێناسەی کۆڤێچێشەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕۆنان و پێکهاتەی میتۆنیم بەندە بەو پەیوەندییەی لە نێوان هەردوو بوون یان قەوارەکەی ناو هەمان بواردایە واتە هەمان ئەو تۆڕی زانیارییەی کە پسپۆڕانی بواری زمانەوانیی کۆگنیتیڤ (بەتایبەت لەیکۆف) بە قاڵبی کۆگنیتیڤی نموونەیی ICM ناوی دەبەن و لەخوارەوە وردتر باسی دەکەین.

لەیکۆف و جۆنسن لە کتێبەکەیان بەناوی **ئەو مێتافۆرانەی پێی دەژین**، لە میانی ئاماژەکردن بە مێتافۆری چەمکی، باس لەوە دەکەن کە میکانیزمێکی دیکەی چەمکی هەیە پەیوەستە بە مێتافۆری چەمکییەوە کە بەهەمان شێوەی ئەو پەیوەندییەکی مەرکەزی (سێنتراڵ) و توندوتۆڵی بە بیر و زمانی مرۆڤەوە هەیە،

ئەویش میتۆنیمی چەمکییە (conceptual metonymy). زۆر لە زمانەوانان و پسپۆڕانی دیکەی بواری زمانەوانی کۆگنیتیڤ گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە میتۆنیمی، پتر لە مێتافۆر، پەیوەندییەکی قوولتری بە ڕێکخستنی چەمکی لە مێشکی مرۆڤدا هەیە، تەنانەت هەندێکیان بەئەندازەیەک قوولبوونەتەوە لە بابەتەکە کە پێیانوایە سەرجەم مێتافۆرەکانیش بناغەیەکی میتۆنیمییان هەیە. با نموونەیەکی هاوشێوەی ئیڤانز (٢٠١٩، ٣٣٥) باس بکەین:

- لەفە مریشکەکە هەروا ئیشارەتمان بۆ دەکا!

ئەگەر ئەم ڕستەیەی سەرەوە لە خواردنگەیەکدا لەلایەن کارمەندێکەوە بەکاربهێنرێت لەکاتی دواندنی یەکێک لە کارگوزارەکان یان کرێکارەکان، ئەوا **لەفەی مریشک** لێرەدا بە دڵنیاییەوە نموونەیەکی زیندووی میتۆنیمی چەمکییە چونکە مەبەست لێرەدا کەسێکە کە داوای لەفەی مریشکی کردووە نەک خودی لەفەی مریشکەکە: دوو شت/بوون بەجۆرێک لێکدراون و پەیوەستکراون کە یەکێکیان (ئەو شتەی کڕیارەکە داوایکردووە) شتەکەی دیکە دەنوێنێ (خودی کڕیارەکە)؛ بەجۆرێکی دیکە شتە داواکراوەکە واتە لەفەی مریشک، خودی کەسی داواکار دەنوێنێت.

لەم نموونەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەش کە میتۆنیمی چەمکی بە سروشتیی خۆی ئاماژەیە یان ئاماژەپێکەرە referential، ئەمەش جیاوازییەکی گرنگی نێوان میتۆنیمی چەمکی و مێتافۆری چەمکیمان بۆ دەردەخات (ئیڤانز، ٢٠١٩، ٣٣٥).

ئەگەر بمانەوێ مێتافۆرێکی چەمکی لە نموونەکەی سەرەوەدا بەرجەستە بکەین، دەبێ لەفەی مریشکەکە لە ڕوانگەی خواردنێکەوە وێنا بکەین کە سیفات و تایبەتمەندیی مرۆیی هەبێت نەوەک وەکو دەربڕینێک کە ئاماژە بەو کڕیارە بکا کە لەفەکەی داوا کردووە، چونکە ئەمە دەیکات بە میتۆنیمی چەمکی نەوەک مێتافۆری چەمکی. ڕەنگە بپرسن باشە چۆن لەفەی مریشک تایبەتمەندی و خاسیەتی مرۆیی وەردەگرێ؟ بۆ ئەمە ئیڤانز نموونەی ئەوەی هێناوەتەوە کە لە فیلمێکی کارتۆنییدا،

دەشێ لەفەیەک لەسەر کورسییەک دابنیشێت و قاچ بخاتە سەر قاچ! بەم ڕاڤەکردنەبێ، بەڵێ دەکرێ تایبەتمەندیی مرۆیی بدرێتە لەفەی مریشکەکە؛ بەمەش مێتافۆرێکی چەمکیمان دەبێ لەجۆری: **بوونێکی بێ گیان کارایە** AN IMANIMATE ENTITY IS AN AGENT. کەواتە لە زمانەوانی کۆگنیتیڤدا دەتوانین بڵێین میتۆنیمی بریتییە لە پەیوەندییەکی چەمکی بەپێی هاوکێشەی X بریتییە لە نواندنی Y، مێتافۆریش بریتییە لە پەیوەندییەکی چەمکی بەپێی هاوکێشەی X لە ڕوانگەی Y ەوە نیشاندەدرێت و ڕوون دەبێتەوە.


### ٤.١ جیاوازی نێوان میتۆنیمی چەمکی و مێتافۆری چەمکی

بۆ خستنەڕووی جیاوازییەکانی نێوان میتۆنیمی چەمکی و مێتافۆری چەمکی، هەندێ لە زمانەوانانی کۆگنیتیڤ (لەیکۆف بۆ نموونە)، چەمکی بوار (domain) بەکاردەهێنن کە لەبنەڕەتدا هی لانەکەرە (Langacker 1987). بواریش، هاوشێوەی قاڵبی کۆگنیتیڤی نموونەییە (ICM) چونکە لەوەدا یەک دەگرنەوە کە بریتییە لەو پێکهاتەیەی زانیاری کە مرۆڤ لەبارەی هەر شتێک یان بوونێک هەیەتی و تا ئەندازەیەک جێگیر و ڕێکە. بەڵام جیاوازیی نێوان بوار و قاڵبی کۆگنیتیڤی نموونەیی لەوەدایە کە بوار هێندەی قاڵبەکە ئابستراکت و نموونەیی نییە. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە زۆربەی زمانەوانان پێیانوایە مێتافۆر پێویستی بە هاوگیرییەکە لەنێوان دوو بواری سەربەخۆ و جیاوازدا (Cross-domain mapping)، بۆ نموونە: جووڵەی بەرەوپێشەوەچوون لە زەمەندا دەکەینەوە وادەبینرێ وەکو ئەوەی لە پانتاییەکی فیزیکییدا بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێین، بۆیەش مێتافۆری چەمکی لەبابەتی (خۆشەویستی گەشتە LOVE IS A JOURNEY ) مان هەیە کە دەشێ بەرجەستەبوونی زمانیی وەکو ئەم نموونەی خوارەوەی لێبکەوێتەوە:

- پەیوەندییەکەیان کە هەر بەخاوی دەچووە پێشەوە، ئیدی گەیشتە خاڵی بنبەست.


لەم مێتافۆرەدا دەتوانین چەندین بواری چەمکی دەستنیشان بکەین وەکو **زەمەن (time)، پانتایی (space)، خۆشەویستی (love) ، گەشت (journey)** ، لێرەدا **زەمەن**

**و پانتایی** بە بواری بنەڕەتیتر و سەرەکیی تر دادەنرێن وەک لە **خۆشەویستی و گەشت**.
لەهەردوو حاڵەتەکەدا، هاوگیرییەکی مێتافۆری لە بواری زەمەنەوە بۆ بواری پانتایی و هەروەها لەبواری خۆشەویستیشەوە بۆ بواری گەشت، هەیە (لیتڵمۆر، ٢٠١٥:١٤).
بەپێچەوانەی ئەمە، لە حاڵەتی میتۆنیمیدا، هاوگیرییەکە (mapping)، لەباتی لەنێوان دوو بواری سەربەخۆ و جیاوازدا ڕوودەدات، لە سنووری نێوان یەک تاکە بواردا ڕوودەدات؛ بۆیەشە پەیوەندیی میتۆنیمی لەسەر بنەمای لێکنزیکیی چەمکی دامەزراوە. ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ نموونەی باسەکەی پێشوومان (**لەفە مریشکەکە هەروا ئیشارەتمان بۆ دەکا!**)، بۆمان دەردەکەوێ کە ئامانجەکە واتە کڕیارەکە و هۆی گواستنەوەکەش کە لەفە مریشکەکەیە، هەردووکیان سەر بە هەمان بوارن کە بواری خواردنگە یان ڕێستۆرانە. بڕوانە ئەم هێڵکارییەی خوارەوە:



بواری ئامانج بواری سەرچاوە

(مێتافۆری چەمکی: هاوگیریی نێوان بوارەکان بۆ دروستکردنی مێتافۆری داڕێژراو)



(میتۆنیمی چەمکی: هاوگیریی نێوان بوارەکان بۆ دروستکردنی هاوگیریی نێوان چەمکەکانی هۆ و ئامانج). سەرچاوە: (ئیڤانز، ٢٠١٩، ٣٣٦)

جیاوازییەکی دیکەی نێوان مێتافۆر و میتۆنیمی لەلایەن پێرسمان و خیرئێرتس (٢٠٠٦)ەوە خراوەتە ڕوو، ئەویش پەیوەندیی بە بیرۆکەی هاوشێوەیی لەبەرامبەر لێکنزیکییەوە هەیە (similarity vs contiguity). لە مێتافۆردا، پەیوەندیی هاوشێوەییمان هەیە (بۆ نموونە خۆشەویستی هاوشێوەی گەشتە)، لەبەرامبەردا لە میتۆنیمی، پەیوەندیی لێکنزیکیمان هەیە (سەرەتای هەر گەشتێک نزیکایەتی و تێکگیراوی هەیە لەگەڵ تەواوی گەشتەکە یان سەرجەم قۆناغەکانی دیکەی گەشتەکە). بۆ نموونە کاتێک دەڵێین:

- شازادەکە بەرەو ئەفریقا بەڕێکەوت بۆ جەنگ لەگەڵ دوژمنەکانی.

لێرەدا بەشێکی گەشتەکە (واتە بەڕێکەوتنەکە) ئاماژەیە بە تەواوی گەشتەکە کە بریتییە لە جەنگ لەگەڵ دوژمنەکان.

بەگشتی لە نێو ناوەندەکانی زمانەوانیی کۆگنیتیڤدا، میتۆنیمی هێندەی مێتافۆر بایەخی پێنەدراوە ئەگەرچی میتۆنیمی بناغەیەکی تۆکمەتر و بنەڕەتیتری هەیە وەک لە مێتافۆر چ لە رووی زمان و چ لە ڕووی درکپێکردنەوە.

بارسێلۆنا (٢٠٠٣، ٢١٥) بەم شێوەی خوارەوە باسی جیاوازیی نێوان میتۆنیمی و مێتافۆر دەکات:

"میتۆنیمی میکانیزمێکی کۆگنیتیڤە؛ بەپێی ئەم مێکانیزمە بێت، لەڕێگەی بوارێکی ئەزموونیی دیاریکراوەوە لە بوارێکی ئەزموونیی دیکە تێدەگەین بەجۆرێک کە هەردووکیان لەچوارچێوەی یەک بواری ئەزموونییدا بن واتە بوارە ئەزموونییەکە هاوبەش بێت". یان وەکو کرۆفت (١٩٩٣) دەڵێت، میتۆنیمی ڕوونکەرەوەی بوارە واتە ڕۆشنایی دەخاتە سەر بوارێک، هەرچی مێتافۆڕە پێویستی بە هاوگیریی بوارەکانە؛ یەکێک لەگەڵ یەکێکی دیکەدا هاوگیر دەکات. لە میتۆنیمیدا، بواری ئامانج ڕۆشنایی دەخرێتەسەر، واتە لەڕووی ئاوەزییەوە چالاک دەکرێت.

با نموونەیەکی لەیکۆف و جۆنسن (١٩٨٠) وەربگرین:

- واشنتن خەمساردە بەرانبەر بە پێویستییەکانی میللەت.

لێرەدا هەر لەنێو بواری گشتی پایتەختی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، چەندین بواری وردتری ئەو شارە بەدی دەکەین، لەوانە: بواری شارەکە وەکو شوێن و پێگەی جوگرافی، بواری ئەو داوودەزگا سیاسییانەی لەو شارەدا بوونیان هەیە، بواری ئەو خەڵکانەی لەو شارەدا بڕیار دروست دەکەن و ئەو دەزگا سیاسییانە بەڕێوەدەبەن (سەرۆک و وەزیرەکان و سیناتۆر و کۆنگرێسمانەکان و هتد). هەر لەڕێگەی میتۆنیمییەوە، دەبینین یەکێک لەو وردەبوارانە (subdomain)، کە بواری داوودەزگا سیاسییەکانە، پتر لە خودی شارەکە وەکو پێگەی جوگرافی، تیشکی دەخرێتە سەر و ئاماژەی بۆ دەکرێت، واتە شارەکە وەکو ناوچەیەکی جوگرافی دەخرێتە دواوە. دەشکرێ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لەڕێگەی میتۆنیمی ئاساییەوە (ناچەمکی)، خەڵکە گرنگەکانی ناو ئەو دەزگایانە چالاک بکرێن و تیشکیان بخرێتە سەر و ئاماژەیان پێبدرێت.

### ٥.١ جۆرەکانی میتۆنیمە چەمکییەکان

لە دیارترین پۆلێنکردنەکانی میتۆنیمی لە چوارچێوەی زمانەوانی کۆگنیتیڤدا ئەو پۆلێنکردنەی کۆڤێچێش و ڕادنە کە پێیانوایە میتۆنیم لە دووانەیەک پێکدێت کە بریتین لە ١. **قاڵبێکی کۆگنیتیڤی نموونەیی ICM بە سەرجەم بەشەکانیەوە**، ٢. **بەشەکانی سەر بە هەر قاڵبێکی کۆگنیتیڤی نموونەیی**. لێرەدا پێویستە هەندێک وردتر لەسەر چەمکی قاڵبی کۆگنیتیڤی نموونەیی بدوێین چونکە چەمکێکی مەرکەزی و گرنگە لە وەسفکردن و ڕاڤەکردنی میتۆنیمدا. بەپێی لەیکۆف (١٩٨٧) و کۆڤێچێش و ڕادن (١٩٩٩)، ئەو قاڵبانە models بریتین لەو تۆڕی زانیارییانەی کە لەمێشکی مرۆڤدا هەن و سروشتێکی ئینسایکلۆپیدیک (موسوعی) و نەرم و جیڕ و تا ئەندازەیەک بێ یاسا و ڕێسایان هەیە، لەپاڵ ئەمەشدا تەواوی زانیاریی فەرهەنگی (کولتووریی) مرۆڤەکان لەخۆ دەگرن بەبێ ئەوەی تایبەت بن بە چوارچێوەی بەرتەسکی دنیای دەرەوە. کەواتە دەشێ ئەو قاڵبە کۆگنیتیڤیانە بیروبۆچوونی خودی و تاکەکەسیی قسەکەرەکانیش لەخۆبگرن لەبارەی چەمکە جیاجیاکان، لەهەمان کاتدا تا ئەندازەیەک بێ یاساوڕێسان چونکە بریتین لە تەجریدکردنی ئەزموونی

تاکەکەسەکان لەبارەی ئەو چەمکانەی باسمان کردن. لەلایەکی دیکەوە نەرم و جیڕن flexible و دەشێ هەم جووڵاو بن هەمیش جێگیر یان هەردووکیان بن لەهەمان کاتدا، هەروەها نموونەیین idealized بەو واتایەی کە مەرج نییە 'ڕاستەقینە' بن لە هەموو دۆخێکدا (لیتڵمۆر، ٢٠١٥، ١٠). بۆ پتر ڕوونکردنەوەی چەمکی قاڵبی کۆگنیتیڤی نموونەیی، نموونەی 'ئوتومبێل' دەهێنینەوە:

**ئوتومبێل**
هههه hh وتئسومبێل
کۆڤێچێش و ڕادنه و

- جۆری ئوتومبێل: فۆرد، فیات، تویۆتا، مارسیدیس و هەموو ئەو جۆرانەی خەڵک لێیاندەخوڕن
- ڕێگاڕێگا، ڕێگای ناوەوە، ڕێگای دەرەوە، خەتی سەر جادەکان و هەموو ئەو خەڵکانەی بەسەر ئەو ڕێگا جیاجیایەندا گەشت دەکەن
- جێگای مەبەست، پلان و نەخشەی ڕێگا، پارک کردن، خێرایی لێخوڕین، هتد
- شێوازی دیکەی هاتوچۆکردن و گواستنەوە، پاس، میترۆ، ترام، ڕۆیشتن بە پێ، هتد
- مۆڵەتی شۆفێری، تاقیکردنەوەی شۆفێری، تەمەنی شوفێری کردن، هتد.
- ئوتومبێل و بەشەکانی: سووکان، تایەکان، کلاچ، ئیستۆپ، شاسی و گێڕ و هتد.

**قاڵبی کۆگنیتیڤی نموونەیی بۆ 'ئوتومبێل'**

لەبەر ڕۆشنایی ئەم قاڵبە کۆگنیتیڤیە، دەتوانین بڵێین کە میتۆنیمی دەشێ دەرگامان بۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی بەشێک لەم قاڵبە کۆگنیتیڤیە بەکاربهێنین بۆ ئاماژەکردن یان دەستڕاگەیشتن access بە یەکێکی دیکە. هەر لە چوارچێوەی قاڵبی کۆگنیتیڤی **لێخوڕین**، دەشێ کۆمەڵێک میتۆنیمی دیکەمان دەست بکەوێت:

- هەر بەسەر سووکانەوە خەوی لێکەوتبوو! (لێرەدا سووکان، کە بەشێکی ئوتومبێلە، ئاماژەیە بۆ تەواوی ئوتومبێل)
- لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان، تویۆتا و مەرسیدس زۆرترین ڕەواجیان هەیە.(تویۆتا و مەرسیدس ئاماژەن بۆ جۆری ئوتومبێل)
- ئازاد پێی لە بەنزین نابوو، لەسەر ١٥٠ لێیدەخوڕی! (خێرایی ئاماژە بە ئوتومبێل دەکات)
- نەوزاد هەستی بە خاویی شوفێرەکانی بەردەمی کرد، بۆیە خێراتر بەنێوانیاندا تێپەڕی و هەمووانی بەجێهێشت. (شوفێر ئاماژەیە بە ئوتومبێل)

### ٦.١ چەند دیاردەیەکی میتۆنیمی جیاواز

لە زمانەوانیی کۆگنیتیڤدا، زماناسان چەندین دیاردە و تەرزی (patterns) جیاجیای زمانی و چەمکییان جیا کردۆتەوە کە بناغەیەکی میتۆنیمییان هەیە. ئەمانەی خوارەوە هەندێک لەو تەرزانەن (میتۆنیمەکان هێڵیان بەژێردا هاتووە): (بڕوانە ئیڤانز و گرین، ٢٠٠٦، ٣١٣)

١. **ناوی شوێن لەبری دەزگا:**
   - ئەلیزێ دەستبەجێ تۆمەتەکانی ڕەتکردەوە.
   - کۆشکی سپی بڕیاریدا کۆمەکی زیاتری هەرێمی کوردستان بکات.

٢. **ناوی بەرهەمهێنەر لەبری بەرهەم:**
   - هاوڕێکەم هەفتەی پێشوو کیایەکی سپی کڕی.

- ئەو نالییەم بدەرێ، لەسەر ڕەفەی یەکەمە لای پێشەوە!
- ئەدیداسێکم بەدیاریی وەرگرت بەبۆنەی جەژنی لەدایکبوونمەوە.

٣. **ناوی شوێن لەبری ڕووداو:**

- ئەگەر یەکگرتوو نەبین، ڕەنگە هەڵەبجەیەکی دیکە چاوەڕوانمان بێت.
- هیرۆشیما هەرگیز لەبیری مرۆڤایەتی ناچێتەوە.

٤. **بەش لەبری گشت:**

- لەنیوەی ڕێگا، فیدپەمپەکەم وەستا.
- لە کۆبوونەوەکە، دەموچاوی تازەم بینی.
- خواردن ئامادەیە، فەرموو دەست درێژکەن (دەست ڕاکێشن)!

٥. **گشت لەبری بەش:**

- لە گەڕی دووەمی پاڵەوانێتییەکەدا، ئیسپانیا بە دوو گۆڵی بێبەرامبەر لە پورتوگاڵی بردەوە.
- ئەڵمانیا بڕیاری داوە بۆ ئەمساڵ پەناهەندەی زیاتر وەربگرێت.

٦. **ئەنجام بۆ هۆ:**

- کانی زەرد هەڵگەڕاوە.
- پیاوەکە وەک بی ناو ئاو دەلەرزی.
- دایکەکە بەبیستنی هەواڵەکە، دەموچاوی گەشایەوە.

٧. **کەرەستە (شت) لەبری بەکارهێنەر:**

- پیکابەکە بەخێرایی تێپەڕی بێ ئەوەی ئاوڕبداتەوە.
- قاوەکەی سەر مێزەکەی ئەوبەر هەروا چاوەڕێی حسابەکەی دەکا.

**لە نموونەکانی تەرزی یەکەمدا** دەبینین ئەلیزێ کە ناوی کۆشکی سەرۆکایەتی کۆماری فەرەنسایە لە پاریس، ئاماژە بە دەزگایەک دەکات کە حکومەتی فەرەنسایە؛

بەهەمان شێوەش کۆشکی سپی کە کۆشکی کۆماریی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە لەبری دەزگاکە وایە حکومەتی ئەو وڵاتە بەکارهاتووە.

**ئەگەر سەرنجی نموونەکانی تەرزی دووەم بدەین**، دەبینین وشەی کیا، کە کۆمپانیای کیا-ی کۆرییە و بەرهەمهێنەری ئوتومبێلەکەیە لەبری ئوتومبێل بەکارهاتووە، هەروەها وشەی نالی ئاماژە بە بەرهەمهێنەری دیوانە شیعرییەکە دەکات نەوەک خودی دیوانەکە کە کتێبەکەیە؛ بەهەمان شێوەی کیاکەش، وشەی ئەدیداس، کە کۆمپانیای بەرهەمهێنەری پێڵاو و جلوبەرگی وەرزشییە، لەبری کاڵاکە بەکارهاتووە.

**لە نموونەکانی تەرزی سێیەمدا** سەرنج دەدەین کە ناوی شوێن لەبری ڕووداوێکی گرنگ بەکاردێت و وەکو میتۆنیم کاردەکات. هەڵەبجە و هیرۆشیما کە ناوی دوو شوێن یان دوو شارن، ئاماژە بە دوو ڕووداوی کارەساتباری مرۆیی دەکەن، کە یەکەمیان بە چەکی کیمیاوی و دووەمیشیان بە چەکی ئەتۆمی وێران کراون.

**نموونەکانی تەرزی چوارەم** تایبەتن بەبەکارهێنانی بەش لەبری گشت یان هەموو. لێرەدا سەرنج دەدەین کە فیدپەمپ (یان فیوڵ پەمپ) بەشێک یان پارچەیەکی ئوتومبێلە، بەهەمان شێوەش دەموچاو بەشێکی لەشی مرۆڤە و هەروەها دەستیش. هەریەک لەم سێ پارچە یان بەش یان ئۆرگانە بەجۆرێک بەکارهێنراون کە گشت ئوتومبێلەکە یان مرۆڤەکە بنوێنن نەک تەنها ئەو بەشەی ئاماژەی پێکراوە.

**هەرچی نموونەکانی تەرزی پێنجەمە**، ڕێک پێچەوانەی تەرزی چوارەمن لەوەدا کە لەجیاتی بەش لەبری گشت بەکاربێت، گشت لەبری بەش بەکاردەهێنرێت. بەگشتی، نموونەکانی ئەم تەرزە کەمترن وەک لە هی چوارەم. لەنموونەی یەکەمدا دەبینین، ئیسپانیا و پورتوگاڵ، کە مەبەست لێیان هەموو یان تەواوی وڵاتی ئیسپانیا و تەواوی وڵاتی پورتوگاڵە بۆ ئاماژەکردن بۆ بەشێکی ئەو دوو وڵاتە بەکارهاتوون کە بریتییە لە هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئیسپانیا و هەڵبژاردەی تۆپی پێی پورتوگاڵ، کە هەریەکەیان بە یازدە یاریکەر یاری دەکەن. کەواتە ناوی تەواوی وڵاتێک ئاماژە بە بەشێکی ئەو وڵاتە دەکات کە تەنها تیپێکی تۆپی پێیە. بەهەمان شێوە، لە نموونەی

دووەمیشدا، ناوی وڵاتی ئەڵمانیا بۆ ئاماژەکردن بە بەشێکی ئەو وڵاتە بەکارهێنراوە کە ئەویش حکومەتی ئەڵمانیایە و لەبری هەموو وڵاتەکە بڕیاری وەرگرتنی پەناهەندەکانی داوە.

لە **نموونەکانی تەرزی شەشەمدا**، میتۆنیمی ڕەهەندێکی دیکەی وەرگرتووە کە بەرەنجام و ئاکامێکە کە بەهۆیەکی دیاریکراوەوە بەدیهاتووە. کاتێک دەڵێین ***کانی زەرد هەڵگەڕاوە***، زەردهەڵگەڕانەکە ئاماژەیە بە بوونی هۆکارێک لەپشتی ئەو زەردهەڵگەڕانەوە کە زیاتر نەخۆشی یان نالەباری و خراپیی دۆخی تەندروستی کەسەکە دەگرێتەوە. کاتێکیش دەگوترێت کەسێک وەک بی ناو ئاو دەلەرزێت، لەرزینەکە ئەنجامە و هۆکارەکەی پتر بەهۆی ترسە لە شتێکەوە. بەهەمان شێوەش گەشانەوەی دەموچاو ئەنجامە و هۆکارەکەی بیستنی هەواڵێکی خۆشە.

لە نموونەکانی دوایین تەرزیشدا کە **گرووپی حەوتەمە**، دەبینین شتێک یان کەرەستەیەک یان بوونێکی ماددی لەجیاتی خودی بەکارهێنەرەکە بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە پیکابەکە ئاماژە بە شوفێرەکە واتە بەکارهێنەری ئوتومبێلەکە دەکات، بەهەمان شێوەش قاوەکە، کە لەسەر مێزەکە دانراوە، لەو کۆنتێکستە دیاریکراوەدا، ئاماژە بە بخۆرەوەی قاوەکە یان ئەو کەسە دەکات کە قاوەکە دەخواتەوە.

ئەگەر سەرنجێکی گشتی لە تەرزە دیاریکراوەکانی سەرەوە و نموونەکانیان بدەین، پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئەویش ئەوەیە: ئایا مەرجە هەموو هۆیەکانی گواستنەوەی میتۆنیمی هەمیشە تاکە دانەی فەرهەنگیی بن؟ وردتریش بڵێین، فرێزی ناویی بن؟

بۆ وەڵامی ئەمە دەگەڕێینەوە بۆ تێزێکی پانثەر و ثۆرنبێرگ (٢٠٠٣، ٤). ئەم دوو زمانناسە پێیانوایە کە دەکرێ کردە قسەییە ناڕاستەوخۆکانیش ( Indirect speech acts) بە نموونەی تەواوی میتۆنیمی لە قەڵەم بدرێن. بۆ نموونە کاتێک دەڵێین:

- دەتوانی ئەو قەڵەمەم بدەیتێ؟

لێرەدا قسەکەر داوایەکی ناڕاستەوخۆ لە بەرامبەرەکەی دەکات، بەڵام ئەم داواکارییە لەڕێگەی پرسیارێکەوە دەکات لەبارەی توانای کەسەکە بۆ ئەنجامدانی

کارەکە (ئەم پرسیارەش بەهۆی جۆری ڕستەکە دەردەکەوێ کە پرسیارییە)، نەوەک ڕاستەوخۆ داواکاریەکە بکات (بەهۆی ڕستەیەکی داخوازییەوە، بۆ نموونە: ئەو قەڵەمەم بدەیە!). لەسەر ئەم بنەمایە، پانثەر و ثۆرنبێرگ (٢٠٠٣) وای دەبینن کە کردە قسەییە ناڕاستەوخۆکان میتۆنیمن چونکە پرسیارکردنەکە ئاماژە بە داواکاری یان داخوازی دەکات. بە جۆرێکی دیکە، دەتوانین بڵێین کە توانای ئەنجامدانی کارەکە پێشمەرجێکی گرنگ و پێویستە بۆ بەدیهێنانی داخوازییەکە و پرسیارکردنیش لەبارەی ئەو توانایە یەکسانە بە خودی داواکارییەکە یان داخوازییەکە.

**٧.١ جۆرەکانی میتۆنیمە چەمکییەکان بەپێی پۆلێنکردنی کۆڤێچێش و ڕادن:**

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی هەموو جۆرەکانی میتۆنیمی چەمکی بخەینە ڕوو بە پشتبەستن بە پۆلێنکردنەکەی کۆڤێچێش و ڕادن کە لە لێکۆڵینەوە بەناوبانگەکەیاندا بڵاوکراوەتەوە بەناوی **(بەرەو تیۆرییەکی میتۆنیمی) هەردوو چاپی ١٩٩٨ و ٢٠٠٧.** ئەو دوو زمانناسە لە توێژینەوەکەیاندا هەوڵ دەدەن بگەنە سەرچاوەی پەیدابوونی میتۆنیمی و چۆنیەتی هاتنەکایەوەی. بۆ ئەم مەبەستەش، دوو پرسیاری گرنگ دەکەن:

ا. **چ جۆرە تەرزێک یان پەیوەندییەک دەبێتە هۆی دەرکەوتنی میتۆنیمی چەمکی؟**

ب. **چی شتێک دەبێتە هۆیەکی گونجاو بۆ دەرکەوتنی پەیوەندییە میتۆنیمییەکان؟**

بۆ وەڵامی ئەم دوو پرسیارە، کۆڤێچێش و ڕادن پێیانوایە زانیاریی مرۆڤ لەبارەی جیهانی دەوروبەری خۆی، لەڕێگەی قاڵبە کۆگنیتیڤیە نموونەییەکانەوە ڕێکخراوە کە وەکو گشتێک دەبینرێن بە چەندین بەشەوە. لەمەوە، کۆڤێچێش و ڕادن پێشنیاز دەکەن کە ئەو پەیوەندییانەی میتۆنیمی بەرهەم دەهێنن، دەکرێ بەشێوەیەکی گشتی لەژێر دوو ڕێکخستنی چەمکیی ئاستی باڵادا بخرێنە ڕوو، کە ئەوانیش بریتیین لە:

١. **تەواوی قاڵبێکی کۆگنیتیڤی نموونەیی و بەشەکانی**

٢. **بەشەکانی سەر بە هەر قاڵبێکی کۆگنیتیڤی نموونەیی**

**ڕێکخستنی یەکەم** چەندین قاڵبی کۆگنیتیڤی نموونەیی جیاجیا دەگرێتەوە لەوانە: **قاڵبی شت-و-بەش، قاڵبی پێوانە، قاڵبی پێکهاتە، قاڵبی ڕووداوی ئاڵۆز، قاڵبی**

**پۆلە وشە-و-ئەندام، قاڵبی پۆلە وشە-و-تایبەتمەندی** هەروەها **قاڵبی داشکاندن** یان کەمکردنەوە. **ڕێکخستنی دووەمیش** بەسەر چەندین بەش و پارچەی جیاجیای قاڵبە نموونەییەکاندا جێبەجێ دەبن، لەوانە: **قاڵبی کردار، قاڵبی درکپێکردن، قاڵبی هۆکاری، قاڵبی بەرهەمهێنان، قاڵبی دەسەڵات یان کۆنترۆڵ، قاڵبی موڵکایەتی، قاڵبی لەخۆگرتن، قاڵبی لۆکەیشن، قاڵبەکانی هێما و ئاماژە و دوا دانەش قاڵبی گۆڕینە.** شایانی باسە ئێمە لەم باسەماندا دوو جۆرەکەی کۆتاییمان باس نەکردووە چونکە پێمانوایە هێندەی ڕەهەندی فەلسەفی و سیمانتیکی فۆرماڵییان هەیە، هێندە پەیوەست نیین بە زمانەوانیی کۆگنیتیڤەوە. لەخوارەوە بەکورتی باسی هەردوو ڕێکخستنەکە و دەرکەوتنەکانیان دەکەین بە پشتبەستن بە وتارەکەی کۆڤێچێش و ڕادن (١٩٩٨ و ٢٠٠٧) بەڵام بەپێی توانا هەوڵمانداوە بەسەر کەرەسەی زمانی کوردیدا جێبەجێیان بکەین:

### ١.٧.١ تەواوی قاڵبێکی کۆگنیتیڤی نموونەیی و بەشەکانی:

بە بۆچوونی کۆڤێچێش و ڕادن، ئەم پەیوەندییەی نێوان گشتێک و بەشێک بەشێوەیەکی تایبەتی بەسەر شتدا جێبەجێ دەبێت. شتیش لێرەدا ئاماژەیە بۆ هەموو کەرەستەیەک و ماددەیەکی فیزیکی و بەرجەستە (١٩٩٨، ٥٠). ئەو قاڵبانەش کە ئەم ڕێکخستنەی یەکەم دەیانگرێتەوە ئەمانەن:

**١. قاڵبی شت-و-بەش: Thing-and-Part ICM**

**ئەم قاڵبە دوو جۆر پەیوەندیی میتۆنیمی لێدەکەوێتەوە:**

1. **تەواوی شتێک لەبری بەشێکی شتێک. بۆ نموونە: ئەمریکا لەبری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**
2. **بەشێکی شتێک لەبری تەواوی شتێک. بۆ نموونە: ئینگلتەرە لەبری بریتانیای گەورە**

لەکاتی قسەکردنمان لەبارەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، کە تاقە وڵاتێکی کیشوەری ئەمریکا پێکدەهێنێت، پتر وەکو ئەمریکا ناوی دەهێنین. واتە

لێرەدا ناوی تەواوی کیشوەرەکە لەبری یەک وڵات بەکاردەهێنین. بەپێچەوانەی ئەمەشەوە، کاتێک دەگوترێ ئینگلتەرە یان ئینگلستان، مەبەست لێی تەواوی بریتانیای گەورەیە، کە جگە لە ئینگلتەرە، هەر یەکە لە سکۆتلاند و وێلز و ئێرلاندی باکووریش دەگرێتەوە. کەواتە لێرەدا ناوی بەشێک لەبری تەواوی وڵاتەکە بەکاردەهێنین.

ئەو میتۆنیمانەی سەر بە قاڵبی (تەواوی شتێک لەبری بەشێکی شتەکە)ن لە ژیانی ڕۆژانەماندا زۆر بەدی دەکرێن. ئەمانە ئەو جۆرەن کە لانەکەر (**١٩٩٣، ٣١**) بە ناوچەی چالاک (active zone) ناویان دەبات. بۆ نموونە کاتێک دەڵێین:

- کابرا لێیدام
- ئوتومبێلەکە پێویستی بە شوشتنە،

دەتوانین بڵێین هەردوو وشەی کابرا (کە تەواوی شتەکەیە) و ئوتومبێلەکە (ئەویش تەواوی شتەکەیە) بەتەواوی نوێنەرایەتی ئەو بەشانە دەکەن کە ناوچەی چالاکن لە هەردوو بارەکەدا، واتە (مستی کابرا) و (لاشەی ئوتومبێلەکە) یەک بەدوای یەک. لە ڕستەی یەکەمدا (کابرا لێیدام)، جەختکردنەکە لەسەر یەک بەشی جەستەی کابراکەیە کە مستەکەیە چونکە تەنها ئەو بەشەی لەشی بەکارهێناوە بۆ لێدانەکە. کەواتە **مست** ناوچەی چالاکە و تەواوی جەستەی کابرا دەنوێنێ وەکو میتۆنیم. بەهەمان شێوەش لە ڕستەی دووەمدا، مەرج نییە سەرجەم لاشەی ئوتومبێلەکە بشۆردرێت، بەڵکو هەندێ بەشی دیاریکراوی دەشۆردرێت، واتە دیسانەوە بەش دەبێتە نواندنی هەموو ئوتومبێلەکە. بەپێی لانەکەر، هەمان شت ڕاستە بۆ ناوی ئابستراکتیش چونکە ئەوانیش دەشێ چەند بەشێکیان هەبێ کە ناوچەی چالاک بن و وەک میتۆنیمی ڕەفتار بکەن. بۆ نموونە کاتێک دەگوترێ:

- با ئەمشەو بچین بۆ شانۆگەریەکە،

لێرەدا شانۆنامەکە (کە ئابستراکتە) وەکو ناوچەی چالاکی شانۆگەریەکە لەمێشکی مرۆڤدا رەفتار دەکات، بەڵام لە ڕستەیەکی وەکو:

- ئەمە شانۆی نیشتیمانی وڵاتەکەمانە،

پتر بیرمان بۆ بیناکە دەچێ وەکو ناوچەی چالاک نەوەک ئەو بەرهەمەی تێیدا نمایش دەکرێت.

جۆرەکەی دیکەی میتۆنیمی (بەشێکی شتێک لەبری گشت شتەکە) هەر لە کۆنەوە باسی کراوە و ناوی سینێکدۆکی لێنراوە (synecdoche) کە لە عەرەبیدا بە کنایە و لە کوردیشدا بە خوازە یان هەندێ جار درکە ناوی ڕۆیشتووە. هەندێ لەو بەش یان ئۆرگانانەی لەشی مرۆڤ کە وەکو میتۆنیم بەکاردەهێنرێن بریتیین لە **دەست، دەموچاو، سەر و قاچ** کە هەریەکەیان بۆ نواندنی تەواوی جەستەی کەسەکە بەکاردێن. بڕوانە ئەم ئیدیۆمە کوردییانەی خوارەوە:

- تۆش دەستێکت لەو کێشەیەدا هەیە! (دەست لەبری کەسەکە)
- بەشە دووکانەکەی پێفرۆشت و دەستی لە دەستی بووەوە. (دەست لەبری کەسەکان)
- لەو دەموچاوانەی لە هۆڵەکە بوون، هیچیانم نەناسی. (دەموچاو لەبری کەس)
- سەری دانا لەپێناوی بیروباوەڕەکانی. (سەر لەبری کەس)
- دوو سەر لە مەنجەڵێکدا جێیان نابێتەوە. (سەر لەبری کەس)
- وریابە! قاچ خوار دانەنێیت، ناحەزت زۆرن. (قاچ لەبری کەس)
- زۆر هەلپەرست و بەرژەوەندخوازە. هەمیشە قاچێکی لەمبەرە و قاچێکی لەوبەر.(قاچ لەبری کەس)

بەهەمان شێوە، هەندێ جار شتە ئابستراکتەکان لەڕێگەی بەشەکانیانەوە میتۆنیم دەنوێنن و دروست دەکەن. بۆ نموونە: سندووقی دەنگدان لەبری هەڵبژاردنی دیموکراتی، گوللە یان تفەنگ لەبری هێز، تاج لەبری پاشا یان مەملەکەت و هتد. کەواتە بەئاسانی دەتوانین میتۆنیمەکان لەم ڕستەیەی خوارەوەدا بدۆزینەوە:

- زۆربەی خەڵک سندووقی دەنگدان بەباشتر دەزانن لە گوللەی تفەنگ. کۆڤێچێش و ڕادن (٢٠٠٣، ٥٠)

واتا گشتییەکەی ئەوەیە کە زۆربەی خەڵک هەڵبژاردنی دیموکراتی بەباشتر دەزانن لە شەڕ.

دیسانەوە دەکرێ میتۆنیمەکانی **شوێن لەبری دەزگا (داوودەزگا)** و **شوێن لەبری ڕووداو**یش هەر بخرێنە ناو میتۆنیمی **بەش لەبری گشت**. وەک پێشتریش باسمان کرد، میتۆنیمی **شوێن لەبری دەزگا** پتر بۆ ئەو دەزگا سیاسی و ئابووری و پەروەردەییانە بەکاردەهێنرێت کە شوێنەکەیان بەشێکە لە قاڵبە کۆگنیتیڤە نموونەییەکە، بۆ نموونە: واشنتن، پەکین، ۆڵ ستریت، کامبریج (سەرچاوەی پێشوو:١٠):

- واشنتن دوایین هەنگاوی پەکینی بەدڵ نەبوو.
- کۆرۆنا دۆخی ۆڵ ستریتی خراپ کرد.
- توێژینەوەکانی کامبریج سەلماندوویانە کۆرۆنا کاریگەریی خراپی دوورمەودای لەسەر تووشبوو دەبێت.

هەرچی میتۆنیمی **شوێن لەبری ڕووداوە**، پتر بۆ وەسفکردنی ئەو ڕووداوانە بەکاردێت کە لە شوێنێکی وادا ڕوودەدەن کە تایبەتە بە خودی ئەو ڕووداوانە. بۆ نموونە:

- ئازاد لە نەخۆشخانەیە. (لەبری ئەوەی بڵێین نەخۆشە)
- براکەم لە حەمامە. (لەبری ئەوەی بڵێین خۆی دەشوا)

### ب. قاڵبی پێوەر: Scale ICM

پێوەر یان تەرازوو، جۆرێکی تایبەتی شتەکانە و یەکەکانی پێوانیش بەشێکی ئەو پێوەرانەن. بەشێوەیەکی گشتی لەم قاڵبەدا، پێوەرەکە وەکو یەکەیەکی گشتی بۆ نواندنی لای سەرەوەی بەکاردەهێنرێت، هەروەها لای سەرەوەشی بۆ نواندنی تەواوی پێوەرەکە یان تەرازووەکە بەکاردێت، ئەویش بەم جۆرەی لای خوارەوە:

١. **تەواوی پێوەرەکە لەبری لای سەرووتری پێوەرەکە**. بۆ نموونە لەکاتی ئوتومبێل لێخوڕیندا دەشێ یەکێک لە سەرنشینان بە شوفێرەکە بڵێ:

- **دیسان فڕاندت؟ دیسان هەموویت قەپات کرد؟** لەبری خێرا لێخوڕین.

٢. **لای سەرووتر لەبری تەواوی پێوەرەکە**. بۆ نموونە:

- شەقامەکە چەند پان دەبێ؟ (واتە تا چ ڕاددەیەک پانە؟). لێرەدا پانی، کە لایەکی یان ڕەهەندێکی شەقامەکەیە، لەبری تەواوی پێوانەی شەقامەکە بەکارهاتووە (هەم پانی و هەم تەسکیی شەقامەکە).
- دارەکە چەند درێژە؟ (واتە درێژیی دارەکە چەندە؟). بەهەمان شێوە پێوانەی درێژیی شەقامەکە هەردوو سەری (درێژی و کورتی) دەگرێتەوە، بەڵام لێرەدا تەنها درێژی لەبری تەواوی پێوەرەکە بەکاردەهێنرێت.

### ج. قاڵبی پێکهاتە: Constitution ICM

ئەم قاڵبە، ماددەیەک یان کەرەستەیەک دەگرێتەوە کە ناواخنی شتێک یان بوونێک پێکدەهێنێت. ئەو ماددە یان کەرەستانەش، بەبۆچوونی کۆڤێچێش و ڕادن، سنوورێکی دیاریکراو و نیشانەکراویان نییە، بۆیەشە ناژمێردرێن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەکرێ ماددە وەکو شتێکی خاوەن سنوور و بەرهەست وێنا بکەین لە مێشکماندا، واتە وەکو بوونێکی بەرجەستە ببینین؛ ئەوکاتە دەرفەتی ئەوەشمان بۆ دەڕەخسێ کە وەکو ناوی ژمێردراو حسابی بۆ بکەین. بە پێچەوانەشەوە، دەشێ هەندێ شت هەبن کە ئێمە وەکو شتی سنوور دیارینەکراو یان بەرنەگیراو بیانبینین (واتە وەکو ماددە)، بەڵام دواتر وەکو ناوی نەژمێردراو حساب بکرێن. سەیرێکی ئەم دوو نموونە کوردییەی خوارەوە بکە بۆ هەردوو حاڵەتەکە:

١. **شت لەبری ئەو کەرەستەیەی کە ئەو شتە پێکدەهێنێت.**

- بۆنی پشیلە دەکەم لەم ناوە. (ئەو بۆنەی پشیلە دەری دەدات)

٢. **ئەو کەرەستەیەی شتەکە پێکدەهێنێت لەبری شتەکە.**

- زیو: دەشێ مەبەست سەعاتی زیو بێ، یان ملوانکەی زیو یان هەر شتێکی دیکە لە زیو دروستکرابێ. بۆ نموونە کاتێک کڕیارێک لە دووکانێکدا بەدوای ملوانکەیەکدا دەگەڕێت، فرۆشیارەکە پێیدەڵێت: زیوت دەوێ؟

لێرەدا مەبەستی فرۆشیارەکە ئەو جۆرە ملوانکەیەیە کە لە زیو دروستکراوە. کەواتە وشەی زیوی بەکارهێنا (کە ئەو کەرەستەیەیە ملوانکەکەی لێ دروستکراوە) لەبری ئەوەی ناوی ملوانکە بهێنێت.

### د. قاڵبی ڕووداو: Event ICM

دەشێ تەواوی ڕووداوێک ببێ بە جێگرەوەی هەندێ لەو وردە ڕووداوانەی کە لە ڕووداوە سەرەکیەکەدا ڕوویانداوە؛ هەروەها بەپێچەوانەشەوە، دەشێ یەکێک لە وردە ڕووداوەکان لەبری ڕووداوە سەرەکیەکە بەکاربهێنرێت. ئەم دوو نموونەی خوارەوە هەردوو خاڵەکە ڕوون دەکەنەوە. نموونەکان هی کۆڤێچێش و ڕادنن (٢٠٠٧، ١٠) نەک هی نووسەری ئەم دێڕانە

١. **تەواوی ڕووداوێک لەبری یەکێک لە وردە ڕووداوەکان**

- بیڵ ماریوانا دەکێشێت.

٢. **یەکێک لە وردە ڕووداوەکان لەبری تەواوی ڕووداوەکە**

- مەریەم بە ئیسپانی قسە دەکات.

لە نموونەی یەکەمدا (بیڵ ماریوانا دەکێشێت)، دەبینین جگەرەی ماریوانا کۆمەڵێک وردە ڕووداوی بچووکتر لەخۆ دەگرێت، لەوانە: داگیرساندنی جگەرەکە و خستنە سەر لێوی کەسەکەی کە دەیکێشێت و هەڵمژینی دووکەڵەکەی و هتد. لەناو ئەم وردە ڕووداوانەدا، تەنها هەڵمژینی دووکەڵی جگەرەکە وەکو ڕووداوی سەرەکی و گرنگ هەستی پێدەکرێت، هەر ئەوەشە مەبەستی قسەکەرەکە لە ڕستەکەی

یەکەمدا. کەواتە ئێمە لەم نموونەیەدا تەواوی ڕووداوەکەمان (کە کێشانی ماریوانایە) لەبری یەکێک لە وردە ڕووداوەکان بەکارهێناوە کە ئەویش هەڵمژینی دووکەڵی جگەرە بێهۆشکەرەکەیە کە ماریوانایە.

لە نموونەی دووەمدا (مەریەم بە ئیسپانی قسە دەکات)، واتای گشتی ڕستەکە تەنها ئاماژە نییە بەوەی کە مەریەم توانای بەسەر زمانی ئیسپانیدا دەشکێ، بەڵکو کۆمەڵێک توانست و کارامەیی دیکەش دەگرێتەوە لەوانە **تێگەیشتن و خوێندنەوە و نووسین** بەو زمانە. بەڵام لەناو هەموو ئەو توانست و کارامەییانەدا تەنها **قسەکردن** یان ئاخاوتن دیارترین بەشی زانینی زمانە. کەواتە بەشێک یان وردە ڕووداوێک (کە قسەکردنە بە زمانەکە) بۆتە جێگرەوەی تەواوی ڕووداوەکە کە شارەزاییە لە زمانی ئیسپانی بە گشت ئەو توانست و کارامەیی و زانیارییانەی زانینی ئەو زمانە دەیخوازێ.

**هـ. قاڵبی پۆلە وشە-و-ئەندامی پۆلە وشەکان Category-and-Member ICM**

لەم قاڵبەدا، پۆلە وشەیەک (کاتیگۆری) لەگەڵ ئەندامەکانی ئەو پۆلە وشەیە دەچنە ناو جۆرە پەیوەندییەکەوە کە پێیدەگوترێت پەیوەندیی (جۆرێک لە). بۆ نموونە ئەلیف جۆرێکە لە بێ، یان X جۆرێکە لە Y. لە واتاسازییدا، ئەم جۆرە پەیوەندییە بە تاکسۆنۆمی (پۆلێنکردن) یان هەندێ جاریش بە هایپۆنیمی یان گرتنەوە ناودەبرێت.

١. **پۆلە وشە لەبری ئەندامێکی ئەو پۆلە وشەیە:**
   - **حەبەکە** لەبری حەبی ڤیاگرا.

٢. **ئەندامێکی پۆلە وشە لەبری پۆلە وشەکە:**
   - پانادۆڵ لەبری هەر حەبێکی ئازارشکێن و هێورکەرەوەی ئازار.

لەلایەکی دیکەوە، پەیوەندییەکی میتۆنیمی تایبەت لەنێوان ناوی گشتی و تایبەتیدا هەیە generic vs specific وەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا دەیبینین:

١. **ناوی گشتی لەبری دۆخێکی تایبەت**:
   - کچان دڵیان ناسکە. (یان کچ دڵی ناسکە)

- ڕێوی لە کونی خۆی هەڵگەڕێتەوە، گەڕ دەبێ.
- ئەوەی لە مشک بێ، جەواڵ دەدڕێ.

٢. **ناوی تایبەت لەبری دۆخێکی گشتی**:

- هەرچی ئازادە هەروا زیرەکە!
- لە ڕستەکانی خاڵی یەکەمدا بۆ نموونە (کچان دڵیان ناسکە) بەگشتی باس لە ڕەگەزی کچ دەکەین کە دڵیان ناسکە بەڵام لەهەمان کاتدا هەموو حاڵەتێکی تایبەتیش دەگرێتەوە، واتە هەر کچێک لەهەر شوێنێک بێت دڵی ناسکە! (هەڵبەت بە بەراورد بە ڕەگەزی نێر دەنا ناتوانرێت بگشتێنرێت بەسەر هەموو کچێکدا). هەرچی لە دوو پەندەکەی دیکەیە، ئەوا دیسانەوە دوو ناوی گشتیمان بەکارهێناوە (ڕێوی و مشک) کە ئاماژە بۆ کۆی ڕەگەزی ڕێوی و مشک دەکەن لەهەموو شوێنێکی دنیادا. کەواتە دەرکەوتنی میتۆنیمەکە لەوەدایە ناوێکی گشتی لەبری هەندێ دۆخی گشتی بەکارهاتووە کە بریتین لە هەڵگەڕانەوە لە کون و جەواڵ دڕین.
- لە ڕستەکەی خاڵی دووەمدا، ناوێکی تایبەتمان بۆ ئاماژەکردن بە دۆخێکی گشتیی بەکارهێناوە. بەپێی زانیاریی نووسەر، ئەم جۆرە دەربڕینە لەزمانی کوردیدا زۆر کەم بەکاردێت بەڵام لەم ڕستەیەدا (هەرچی ئازادە هەروا زیرەکە!)، بەکارهێنانی وشەی 'هەرچی' وایکردووە کە ئاماژەکردنەکە بۆ هەموو ناو ئازادێک بێت نەک کەسێکی دیاریکراو بەناوی ئازاد. کەواتە میتۆنیمەکە لەوەدایە کە ناوێکی تایبەتمان لەبری دۆخێکی گشتی، کە زیرەکییە، بەکارهێناوە. ئەم جۆرە لە میتۆنیمی هەندێ جار لەسەر جۆری **تاک بۆ پۆلە وشە** حساب دەکرێت (AN INDIVIDUAL FOR A CATEGORY).

**و. قاڵبی پۆلە وشە-و-تایبەتمەندی: Category-and-Property**

تایبەتمەندییەکان دەشێ وەکو مێتافۆر بەکاربهێنرێن بۆ پیشاندانی خاوەندارێتی کردنی شت (تایبەتمەندییەکان موڵکن)، یانیش بە شێوەی میتۆنیمی بەکاربهێندرێن وەکو بەشێکی شتێک یان بوونێک. کەواتە پۆلە وشەکان بەگشتی دەکرێ بەهۆی میتۆنیمییەوە لەبری یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە دەرکەوتوو و گرنگەکان بەکاربهێنرێن، بەهەمان شێوە، دەشکرێ یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە دەرکەوتوو و گرنگەکان بەشێوەی میتۆنیم لەبری پۆلە وشە گشتییەکە، بەکاربهێندرێت:

١. **پۆلە وشە لەبری تایبەتمەندیی هەرە گرنگ و دەرکەوتوو:**
   - **ئەقڵ لەبری زیرەکی**. بۆ نموونە:
     - بەشێک لە ئەقڵەکانی زانکۆکانی هەرێم بەهۆی جەنگەوە کۆچیان کرد بۆ هەندەران.

٢. **تایبەتمەندیی هەرە گرنگ و دەرکەوتوو لەبری پۆلە وشە:**
   - **ڕەشەکان لەبری خەڵکی ڕەشپێست**. بۆ نموونە:
     - ڕەشەکانی ئەمریکا هێشتا لە زۆر بواری ژیاندا، چەوساوەن.

**ی. قاڵبی داشکاندن** یان **کەمکردنەوە: Reduction ICM**

دوایین جۆری میتۆنیمی بەش لەبری هەموو، جۆرێکە کە لێکەوتەی داشکاندن یان کەمکردنەوەی فۆرمی وشەیەک یان دەربڕینێکی دیاریکراوە کە بەم شێوەی خوارەوە بەرجەستە دەبێت:

١. **بەشێکی فۆڕمێک لەبری هەموو فۆڕمەکە:**
   - **خاو لەبری نەوتی خاو**. بۆ نموونە:
     - نرخی خاوی برێنت ئەمڕۆ لە بازاڕەکاندا دابەزی.

### ٢.٧.١ بەشەکانی سەر بە هەر قاڵبێکی کۆگنیتیڤی نموونەیی:

بەشی پێشووی باسەکەمان تایبەت بوو بە **تەواوی قاڵبێکی کۆگنیتیڤی نموونەیی و بەشەکانی** واتە تەواوی هەر قاڵبێک و جۆرەکانیمان باس کرد لەڕوانگەی تیۆرەکەی کۆڤێچێش و ڕادنەوە. لەم بەشەشدا دەچینە سەر بەشەکانی سەر بە هەر قاڵبێکی کۆگنیتیڤی نموونەیی واتە لە پەیوەندیی نێوان ئەو بوونە چەمکییانەی وەک بەشێکی قاڵبەکان کاردەکەن لەگەڵ تەواوی قاڵبە کۆگنیتیڤیە نموونەییەکان.

### ا. قاڵبی کردار: Action ICM

قاڵبە کۆگنیتیڤیەکانی کردار ئەو پەیوەندییانە دەگرنەوە کە لە نێوان کردارێک و ئەو هۆیانەی بۆ ئەنجامدانی کردارەکە بەکاردێن، هەروەها ئەوەی لەنێوان کردارێک و ئەنجامی ئەو کردارەدا هەیە و هتد. قاڵبی کۆگنیتیڤی کردار چەندین جۆری پەیوەندیی میتۆنیمی لەخۆ دەگرێت کە بەپێی سروشتی زمانەکان دەگۆڕێن. ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

١. **ا. ناوی کارا لەبری کردار**: نووسینی کتێب، بڕیاردان لەسەر شتێک
   **ب. کردار لەبری ناوی کارا**: نووسەر، بڕیاردەر

٢. **ا. ئامێر لەبری کردار**: چەکوشکاریکردن، دروێنەکردن (بە داس یان ئامێری دروێنە)
   ب. **کردار لەبری ئامێر**: (بە چەکوش) دادەکوتێ، (گەنم) دروێنە دەکات

٣. ا. **کەرەستە لەبری کردار**: لێفە بەخۆدادان، پێستە خۆشکردن
   ب. **کردار لەبری کەرەستە**: بەخۆدادان، خۆشکردن یان خۆشەکردن

٤. **ا. ئەنجام لەبری کردار**: بەرهەمهێنان، هاوردەکردن
   ب.**کردار لەبری ئەنجام**: بەرهەم دەهێنێ، دەیهێنێ لە دەرەوە

٥. **شێواز لەبری کردار**: لەسەر نووکی پەنجە ڕۆیشتن بە ژووردا

٦. **کات لەبری کردار**: زستانە گەشتێک بۆ گەرمیان (لە زستاندا گەشت بۆ گەرمیان دەکات)

لە نموونەکانی یەکەم هەتا چوارەم، دەبینین، دروستبوونی پەیوەندیی میتۆنیمی پتر لەڕێگەی گۆڕینی بەشەکانی ئاخاوتنەوەیە لە ناو بۆ کار و بەپێچەوانەشەوە. ئەم دیاردەیە پتر لەزمانی ئینگلیزیدا بەرچاو دەکەوێ تا وەکو زمانی کوردی بەڵام لە کوردیشدا زۆرجار بەکارهێنانی چاوگەکە ئاماژەیە بەخودی کردارەکە ئەمەش بەهۆی پەیوەندیی توندوتۆڵی واتایی لەنێوان کردارەکە و ئەو ناوەی کە کارەکەی لەسەر ئەنجام دەدرێت. بۆ نموونە کاتێک دەگوترێ دروێنەکردن، راستەوخۆ دەزانین کە مەبەست لە دروێنەکردنی گەنم و جۆیە یان بەئەگەرێکی کەمترەوە گەنمەشامییە چونکە ئەمانە باوترن لە ژینگەی کوردستاندا. کەواتە پەیوەندییەکی میتۆنیمی هەیە لەنێوانیاندا لەڕێگەی ئاماژەدان بە کردارەکەوە. یان کاتێک بە یەکێک دەوترێ:

- خۆت داپۆشە! ئەمشەو ساردە.

بێگومان راستەوخۆ بیرمان بۆ بەتانی یان لێفە دەچێت چونکە مرۆڤ ئەو شتانە بەخۆیدا دەدات لەکاتی هەستکردن بە سەرما. کەواتە دیسان پەیوەندییەکی میتۆنیمی هەیە لەنێوانیاندا لەڕێگەی ئەو ئاماژە ناڕاستەوخۆیەوە. کاتێکیش دەگوترێ:

- بەخشکەیی و بەسەر نووکی پەنجەیدا دەڕۆیشت بە ژوورەکەدا.

پەیوەندییەکی میتۆنیمی لەنێوان ڕۆیشتن و شێوازی رۆیشتنەکەدا هەیە بەجۆرێک کە لەڕێگەی نووکی پەنجەوە دەزانین جۆری رۆیشتنەکە چۆن بووە.

## ب. قاڵبی درکپێکردن: Perception ICM

کۆڤێچێش و ڕادن (٢٠٠٧، ١٤) پێیانوایە درکپێکردن ڕۆڵێکی یەکجار گەورەی هەیە لە جیهانی کۆگنیتیڤی مرۆڤدا، بۆیە ئەوە دەهێنێ قاڵبێکی کۆگنیتیڤی نموونەیی تایبەت بەخۆی بۆ تەرخان بکرێت. هەروەها پێیانوایە بەهۆی ئەوەی درکپێکردن دەشێ لە زۆر باردا بەمەبەست بێت، بۆیە لەهەندێ دۆخی دیاریکراودا بەیەکداچوون

هەیە لەگەڵ قاڵبی کۆگنیتیڤی کردار. لێرەدا دەتوانین چەند نموونەیەکی ئەو قاڵبە وەرگرین بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. **ئۆرگانی درکپێکردن لەبری درکپێکردنەکە:**

- ئازاد بە لاچاوێکەوە سەیری کتێبخانە پەرش و بڵاوەکەی کرد.

٢. **شێوازی درکپێکردن لەبری درکپێکردنەکە:**

- بە چاوێکی کزەوە لە کاغەزەکەی بەردەمی ورد بووەوە.

**ج. قاڵبی هۆیەتیی(هۆ و ئەنجام) Causation ICM**

هۆ و ئەنجام هەمیشە دوو تای هاوکێشەیەکی پێکەوە گرێدراون؛ بوونی یەکێکیان بوونی ئەوەی دیکەش لەخۆ دەگرێت. بڕوانە ئەم میتۆنیمانەی خوارەوە:

١. **ئەنجام لەبری هۆ**، بۆ نموونە:

- **ڕاهێنانێکی تەندروست**: ئەو ڕاهێنانەیە کە دەبێتە هۆی تەندروستییەکی باش. کەواتە لێرەدا ئەنجامەکە (تەندروستی) لەبری هۆیەکە بەکارهاتووە کە ئەنجامدانی ڕاهێنانە.

٢. **هۆ لەبری ئەنجام**، بۆ نموونە:

- **پێستێکی تەندروست**: تەندروستییەکی باش بۆتە هۆی هێنانەکایەوەی پێستێکی گەش و جوان و تەندروست. کەواتە لێرەدا هۆیەکە ( بوونی تەندروستیی باش) لەبری ئەنجامەکە بەکارهاتووە کە پێستێکی تەندروستە.

هەر بەپێی ئەم تیۆرییە، بەشێوەیەکی گشتی، ئەنجام گوێزەرەوەیەکی باشتری میتۆنیمە تاوەکو هۆ. ئەم ئارگیومێنتەش پتر لەم جۆرە لاوەکییانەی خوارەوە دەردەکەون کە هەموویان سەر بە میتۆنیمی (ئەنجام لەبری هۆ)ن:

١. **دۆخ/ڕووداو لەبری شتێک یا کەسێک یان دۆخێک کە دروستی دەکات:**

- (ئەوان) ماڵوێرانیی ئێمەن.

- (ئەو) بەختەوەریی من و خێزانەکەمە.

لێرەدا دۆخێک یان ڕووداوێک کە بریتییە لەماڵوێرانی یان بەختەوەربوون لەبری ئەو کەسە بەکاردەهێنرێت کە دۆخەکەی دروستکردووە.

2. **هەست و سۆز لەبری هۆی هەست و سۆزەکە:**

- (ئەو) خۆشیی ژیانمە. (لەبری ئەوەی بڵێین: ئەو دەبێتە هۆی دڵخۆشکردنی من)

3. **دۆخی ئاوەزی/فیزیکی لەبری ئەو شتە یان ئەو کەسەی هۆکارەکەیەتی:**

- ئێوە دەرد و بەڵان بۆ ئێمە. (لەبری ئەوەی بڵێین: ئێوە تووشی دەرد و بەڵاتان کردووین)

4. **هۆی فیزیکی/ڕەفتاری لەبری ئەو بارە سۆزدارییەی هۆکارەکەیەتی:**

- پیاوەکە ناڕەحەت بوو. (لەبری ئەو شتەی بۆتە هۆی ناڕەحەت بوونی)

### د. قاڵبی بەرهەمهێنان: Production ICM

لە قاڵبی بەرهەمهێناندا ڕووداوێک هەیە و یەکێک لە بەشداربووانی ئەو ڕووداوە بەرهەمی خودی ڕووداوەکەیە. قاڵبی کۆگنیتیڤی بەرهەمهێنان چەندین پەیوەندیی میتۆنیمی لێدەکەوێتەوە کە تیایاندا ئەو شتەی بەرهەم دێت یان دێتە کایەوە دەبێتە ئامانج و مەبەستی پەیوەندییە میتۆنیمییەکە:

1. **بەرهەمهێنەر لەبری بەرهەم:**

- مارسیدیسێکم کڕیوە. (ناوی کۆمپانیای بەرهەمهێنەر لەبری بەرهەمەکە کە ئوتومبێلە)

کۆڤێچێش و ڕادن لە تیۆریەکەیاندا باس لەوە دەکەن کە بەهۆی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی لەنێوان هونەرمەندان و بەرهەمە هونەرییەکانیاندا هەیە، یان لەنێوان داهێنەران و داهێنانەکانیاندا هەیە، چەندین پەیوەندیی میتۆنیمی دیکە دروست دەبن وەکو:

٢. **هونەرمەند لەبری کارەکەی** (بەرهەمەکەی):

- ئەمشەو لە ئاهەنگەکە مۆزارت دەژەنن. (ناوی هونەرمەند مۆزارت لەبری بەرهەمەکانی)

٣. **داهێنەر لەبری داهێنان:**

- چەندین ماکادەمی تازەیان بنیاتناوە. (ناوی ماک ئادەمی داهێنەری جۆرە ڕێگایەکە لەبری ڕێگاکە بەکارهاتووە)
- چوار ئەمپێر کارەبام ڕاکێشاوە. (ناوی داهێنەرەکە لەبری داهێنانەکە بەکارهاتووە)

٤. **هۆی گواستنەوە لەبری بەرهەم:**

- گوێت لەو فیکەیە بوو؟ (مەبەست دەنگی فیکەکەیە کە بەرهەمەکەیە)

٥. **بەرهەم لەبری هۆی گواستنەوە:**

- گەرمییەکە هەڵکە تکایە. (مەبەست لە ڕادێتەری ئوتومبێڵەکەیە کە گەرمی دەبەخشێ. لێرەدا گەرمییەکە بەرهەمە و لەبری ڕادێتەر بەکارهاتووە کە هۆکاری گەرمییەکەیە)

**ە. قاڵبی کۆنترۆڵ (دەسەڵات): Control ICM**

ئەم قاڵبە کۆگنیتیڤیە کۆنترۆڵکەرێک دەگرێتەوە لەگەڵ ئەو کەسەی یان ئەو شتەی کۆنترۆڵ دەکرێت. لەم قاڵبەش دوو جۆر میتۆنیمی دروست دەبێت:

١. **کۆنترۆڵکەر لەبری کۆنترۆڵکراو:**

- ناپلیۆن ئەوروپای داگیرکرد.

لێرەدا ناپلیۆن میتۆنیمە چونکە لەبری تەواوی سوپای فەرەنسا بەکارهاتووە.

٢. **کۆنترۆڵکراو لەبری کۆنترۆڵکەر:**

- پیکابەکە گەیشت.

لێرەشدا پیکابەکە میتۆنیمە چونکە لایەنە کۆنترۆڵکراوەکە واتە پیکابەکە بەهۆی شوفێرێکەوە کۆنترۆڵکراوە و دەئاژوورێ نەک لەخۆوە کار بکات و بگاتە شوێنی مەبەست.

**و. قاڵبی خاوەندارێتی: Possession ICM**

قاڵبی کۆگنیتیڤی خاوەندارێتیش پەیوەندیی میتۆنیمی لێدەکەوێتەوە. بۆ نموونە:

١. **خاوەن موڵک لەبری موڵکەکە:**

- دوو تایەم پەنچەر بوون. (خاوەن موڵکەکە پەنچەر نەبووە، بەڵکو موڵکەکەی کە ئوتومبێڵەکەیەتی یان تایەکانی ئوتومبێڵەکەیە، پەنچەر بووە)

٢. **موڵک لەبری خاوەن موڵکەکە:**

- کچەکە شووی بە پارە کردووە. (پارە موڵکەکەیە و پیاوەکەش خاوەنی پارەکەیە. لێرەدا پارەی پیاوەکە لەبری خۆی بەکارهاتووە)

**ز. قاڵبی لەخۆگرتن: Containment ICM**

لە تیۆرییەکەی کۆڤێچێش و ڕادندا، قاڵبی کۆگنیتیڤی لەخۆگرتن، کە هەمیشە دۆخێکی سکیمای وێنەیی تێدا ڕەنگ دەداتەوە، وەکو پەیوەندییەکی میتۆنیمی شوێنی (Spatial) مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. لەم بارەدا، جەختکردنەوەکە پتر لەسەر ناواخنی کۆنتەینەرەکە نەوەک خودی کۆنتەینەرەکە. بۆ نموونە نۆریک (١٩٨١، ٥٨) ئەم دوو پەیوەندییە میتۆنیمییەی دیاریکردووە لەڕوانگەی قاڵبی لەخۆگرتنەوە:

١. **کۆنتەینەر لەبری ناواخنی کۆنتەینەرەکە:**

- ئەو قاپەیان سارد بۆتەوە. (مەبەست چێشتی ناو قاپەکەیە)
- ئەم پیاڵە هێشتا گەرمە، بوەستە با سارد بێتەوە. (مەبەست چای ناو پیاڵەکەیە)

٢. **ناواخنی کۆنتەینەرەکە لەبری کۆنتەینەرەکە:**

- شیرەکە قڵپ بۆوە. (مەبەست شیرەکە نییە بەڵکو مەبەست بتڵەکەیە کە شیرەکەی تێدایە)

**ح. قاڵبی لۆکەیشن[1]: Location ICM**

شوێن ئەو پێگەیەیە کە دەشێ خەڵکێکی تێدا بژی یان دەزگایەکی دیاریکراوی تێدا بێت، یان ڕووداوێکی تێدا ڕووبدات یان بەرهەمێکی تێدا بەرهەم بهێنرێت، هتد. بڕوانە ئەم میتۆنیمانەی خوارەوە کە پەیوەستن بە شوێنەوە:

١. **شوێن لەبری دانیشتووان:**

- گوندەکە هەر هەمووی ڕژانە کۆڵانەکان بۆ دەربڕینی خۆشییان.(گوندەکە شوێنە و لەبری دانیشتووانی گوندەکە بەکارهاتووە)

٢. **دانیشتووان لەبری شوێن:**

- قەتەرییەکان میوانداریی جامی جیهانی تۆپی پێی ٢٠٢٢ دەکەن.(دانیشتووان لەبری وڵاتەکە بەکارهاتووە)

٣. **شوێن لەبری داوودەزگا:**

- ئۆکسفۆرد هەزاران کتێبی نایابی چاپکردووە.(ئۆکسفۆرد کە زانکۆکە و شارەکەیە لەبری چاپخانەی ئۆکسفۆرد بەکارهاتووە کە دەزگای چاپەکەیە)

---

[1] خوێنەری ئازیز ڕەنگە بپرسێت بۆچی زاراوەی لۆکەیشنی ئینگلیزییم بەکارهێناوە لەجیاتی شوێن، کە وشەیەکی کوردییە. لە ڕاستیدا شوێن جیاوازی هەیە لەگەڵ لۆکەیشن. جیاوازییەکەش ئەوەیە کە شوێن ئاماژە بە تایبەتمەندیی فیزیکی و مرۆیی خاڵێکی دیاریکراو دەکات لەسەر نەخشەدا، هەرچی لۆکەیشنە، ئاماژە بە هێڵەکانی درێژی و پانیی شتێک دەکات لەسەر ڕووی زەوی یانیش وەسفی پێگەی شتێک دەکات بە بەراورد بە یەکێکی دیکە؛ واتە ڕێژەییە.

٤. **داوودەزگا لەبری شوێن**:

- من ماڵم بەتەنیشت زانکۆکەوەیە. (دەزگاکە کە زانکۆیە لەبری شوێن بەکارهاتووە)

٥. **شوێن لەبری ڕووداو**:

- هەڵەبجە و هیرۆشیما نابێ دووبارە ببنەوە. (ناوی شوێن لەبری ڕووداو بەکارهاتووە)

٦. **ڕووداو لەبری شوێن**:

- چاڵدێران شەڕێکی یەکلاییکەرەوە بوو. (چاڵدێران وەکو شەڕ لەبری ناوی شوێنەکە بەکارهاتووە)

**٨.١ ئەنجام:**

لە دیارترین ئەنجامەکانی ئەم باسەمان، ئەمانەی خوارەوەن:

١. لە زمانەوانیی هاوچەرخدا، بەگشتیی دوو تێڕوانین هەیە بۆ تێگەیشتن لە میتۆنیمی، یەکێکیان تێڕوانینی کۆگنیتیڤانەیە و ئەوەی دیکە تێڕوانینی زمانییە،

٢. بەپێی تێڕوانینی زمانەوانیی کۆگنیتیڤ، جیاوازیی بنچینەیی میتۆنیم لەگەڵ مێتافۆر لەوەدایە کە لە مێتافۆردا هاوگیری لەنێوان دوو بواری سەربەخۆ یان دوو قاڵبی کۆگنیتیڤی نموونەیی سەربەخۆدا هەیە لەکاتێکدا لەحاڵەتی میتۆنیمیدا، هاوگیرییەکە لە سنووری نێوان هەمان بوار یان قاڵبدا ڕوودەدات.

٣. پەیوەندیی مێتافۆری لەسەر بنەمای هاوشێوەیی یان وەکیەکیی بوارەکان (قاڵبەکان) دامەزراوە، کەچی پەیوەندیی میتۆنیمی لەسەر بنەمای نزیکایەتی یان لێکنزیکیی چەمکی دامەزراوە.

٤. ئەو پەیوەندییانەی میتۆنیمی بەرهەم دەهێنن، دەکرێ بەشێوەیەکی گشتی لەژێر دوو ڕێکخستنی چەمکیی ئاستی باڵادا بخرێنە ڕوو، کە ئەوانیش بریتیین لە تەواوی قاڵبێکی کۆگنیتیڤی نموونەیی و بەشەکانی هەروەها بەشەکانی سەر بە هەر قاڵبێکی کۆگنیتیڤی نموونەیی. هەر یەک لەم دوو ڕێکخستنەش چەندین جۆریان هەیە کە لە کەرەستەی زمانی کوردیدا بە ئاسانی دەدۆزرێنەوە و دەردەکەون.

## سەرچاوەکان:


- Barcelona, Antonio. n.d. *Types of arguments for the metonymic motivation of conceptual metaphor*. Unpublished manuscript, Department of English, University of Murcia, Spain.
- Evans, V., and Green, M. (2006). *Cognitive Linguistics: An Introduction*. Edinburgh University Press.
- Evans, Vyvyan. 2019. *Cognitive Linguistics: An Introduction*. Edinburgh University Press.
- Kövecses, Zoltan and Günter Radden. 1998. Metonymy: Developing a cognitive linguistic view. In "*Cognitive Linguistics*" 9-1. PP 37-77. Walter de Gruyter.
- Kövecses, Zoltan and Günter Radden. 2007. Towards a theory of metonymy, In "*The Cognitive Linguistics Reader*". Edited by Vyvyan Evans, Benjamin Bergen and Jörg Zinken. London: Equinox. pp. 335-359.
- Lakoff, George and Mark Johnson. 1980 *Metaphors We Live By.* Chicago: The University of Chicago Press.
- Langacker, Ronald W. 1987. *Foundations of Cognitive Grammar.* Volume 1: *Theoretical Prerequisites.* Stanford: Stanford University Press.
- Langacker, Ronald W. 1991. Active zones. In *Concept, Image, and Symbol: The Cognitive Basis of Grammar.* Berlin and New York: Mouton de Gruyter, 189-201.
- Littlemore, Jeannette. 2015. *Metonymy: hidden shortcuts in language, thought, and communication*. Cambridge University Press.
- Norrick, Neal R.1981 *Semiotic Principles in Semantic Theory*. Amsterdam and Philadelphia: Benjamins.

- Panther, Klaus-Uwe, Linda Thornburg. 1999. The Potentiality for Actuality metonymy in English and Hungarian. In K.-U. Panther, G. Radden (eds.), *Metonymy in Language and Thought*. Amsterdam and Philadelphia: Benjamins, 333-357.
- Ullmann, Stephen. 1972. *Semantics: An Introduction to the Science of Meaning*. Oxford: Blackwell.

**الملخص**

تستكشف هذه الدراسة الكناية كظاهرة مفاهيمية في إطار اللغويات المعرفية. كما هو معروف، تمت دراسة ظاهرة الكناية منذ العصور القديمة، إلا أن هذه الدراسة تضعها في إطار تحقيق موجه معرفيًا حيث يسلط الضوء على بعض جوانبها الرئيسية مثل خصائصها ، واختلافها مع synecdoche ، وتمييزها مع الاستعارة ، وأنواعها بالإضافة إلى ملخص موجز نظرية الكناية لكوفيجيش وراددين (١٩٩٨) والتي تعتبر حاليًا أهم نظرية في معالجة الكناية المفاهيمية.

تم تقسيم الدراسة إلى سبعة أقسام. تقدم المقدمة الغرض من الدراسة وأسئلة البحث ومنهجية الدراسة وبياناتها بينما يلقي القسم الأول الضوء على تعريف وأهمية الكناية. علاوة على ذلك، تم تخصيص القسمين الثاني والثالث لمسح الكناية المفاهيمية داخل المدرسة التقليدية لعلم اللغة واللغويات المعرفية على التوالي. تم تصميم القسم الرابع للتمييز بين الاستعارة المفاهيمية والكناية المفاهيمية ضمن الإطار المعرفي. يهدف القسمان الخامس والسادس بشكل أساسي إلى التعامل مع أنواع الكناية المفاهيمية وبعض الظواهر المجازية المختلفة، ويقدم القسم الأخير لمحة موجزة عن نظرية كوفيسيس وراددين في الكناية من حيث أنواع الكناية المفاهيمية ومظاهرها في اللغة الكوردية.

الكلمات الدالة: الكناية، الاستعارة، اللغويات المعرفية، نظرية الكناية، اللغة الكوردية.

**ABSTRACT**

This study explores metonyms as a conceptual phenomenon within the framework of cognitive linguistics. As is known, metonyms have been studied since antiquity, yet this study brings it under a cognitively oriented investigation highlighting some of its major aspects such as its properties, its difference with synecdoche, its distinction with metaphor, its types as well as a brief summary of Kövesces and Radden's theory of metonymy (1998) which is currently seen as the most significant theory accounting for conceptual metonymy.

The study has been divided into seven sections. The prelude introduces the purpose of the study, the research questions, the methodology and the data of the study while the first section sheds light on the definition and the significance of metonymy. Moreover, the second and the third section are devoted to a survey of conceptual metonymy within the traditional school of linguistics and cognitive linguistics respectively. Section four is designed to distinguish between conceptual metaphor and conceptual metonymy within the cognitive framework. The fifth and sixth sections are mainly intended to deal with the types of conceptual metonymy and some different metonymical phenomena and the last section presents a brief overview of Kövesces and Radden's theory of metonymy in terms of conceptual metonymy types and their manifestations in Kurdish language.

Key words: metonymy, metaphor, cognitive linguistics, metonymy theory, Kurdish.